# کەی سەردانی فێرگە بکەم؟



Rahenan



## ناساندن

ئاشکرایە بەشداری دایکوباوک لە پرۆسەی فێرکاری منداڵەکەی نۆرەیەکی کارای هەیە لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەکە. تۆژینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن بەشداری چالاکانەی دایکوباوک نەک تەنیا چالاکبوونی فێرخواز لە پرۆسەکەدا باشتر دەکات بەڵکوو کاریگەری ئایەتی لەسەر دەستکەوتەکانی فێرخوازیش هەیە.

بەشداری سەرکەوتوانەی دایکوباوک دەکرێت وەک بەشداری چالاکانی لە پەروەردە، یان پەیوەندی بەردەوامی بە فێرگەی منداڵەکەیەوە پێناسە بکرێت، هەروەها هاوکاریکردنیان لە ئەرکی ماڵەوەدا، ئامادەبوون لە پۆل، باسکردنی ڕووداوەکانی فێرگە و سەردانکردنی مامۆستاکانی جۆرێک لە بەشداری خێزان لە پرۆسەی فێرکاری منداڵەکەیدا نیشان دەدەن.



# ئەمانەی خوارەوە چەند هۆکارێکن بۆ سەردانیکردنی فێرگەی منداڵەکەت


## 1 چاودێری بەردەوام

زۆرجار، منداڵەکانمان باسی ڕووداوەکانی فێرگەمان بۆ دەکەن بۆ نموونە مامۆستا ئەرکی زۆری پێداین بۆ ماڵەوە، ئەمرۆ بۆ گەشت چووینە چیا، هاوڕێکەم وشەی نەشیاوی بەکارهێنا، لە وانەی بیرکاری مامۆستا ئەستێرەیەکی بەهۆی بەژداری چالاکمان لە وانەکە پێداین. لەبەرئەوە چاودێری بەردەوامی فێرگەی ڕێگە دەدات کە کارلێکی نیوان فێرخوازان و مامۆستایان لەگەڵ یەکدی ببینی. ئاگاداری چالاکییەکانی ببیت.

## 2 ڕێزگرتن لە پۆلدا

ئایا مامۆستایان و فێرخوازان ڕێزی یەکدی دەگرن؟ ئایا فێرخوازان لەکاتی وانەدا گوێ دەگرن یان پەیوەندیان لەگەڵ مامۆستایەکەیان باشە؟ ئایا فێرخوازان بەرپەرچی مامۆستا دەدەنەوە؟ بۆ ئاگاداربوون لەم باسە گرینگ و پێویستە بەردەوام لەگەڵ مامۆستا و فێرگە لە پەیوەندی دابیت.






## 3 شێوازی فێرکاری

هەندێک لە مامۆستاکان ئارەزووی شێوازی مامۆستا-سێنتەری دەکەن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گرفتە، بەڵام هەندێک لە مامۆستایان هانی گفتوگۆ و بەشداری ناو پۆل دەدەن پێیان باشە بەڕێوەبردنی پۆلەکەیان فێرخواز-سێنتەری بێت. هەر بۆیە بۆ تۆی دایکوباوک ئاگاداربوون لە شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستا هاوکاریت دەکات لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری منداڵەکەت لە ناو پۆلدا. ئەگەر شێوازی وانەگوتنەوە لە دەرەوەی ئاستی تێگەیشتنی منداڵەکەت بوو دەتوانیت لەگەڵ مامۆستا ئەم گرفتە تاوتوێ بکەیت. یان ئەگەر منداڵەکەت زۆر بێدەنگ یان زۆر قسە بکات پێشنیاز بۆ مامۆستاکە بکە بیری بێنێتەوە کە پێویستە ئەوانی دیکەش بەژداریی بکەن یان ئەیش بە پێی پێویست بەشداری بکات.

## 4 ئەرکی ماڵەوە


ستراتیژی مامۆستا بۆ ئەرکی ماڵەوە چییە؟ چۆنە؟ ئایا ئەو ئەرکانە هاریکاری سەرخستنی ئاستی زانستی منداڵەکەم دەکەن؟ منداڵەکەم چی دەرباری ئەرکی ماڵەوە دەڵێت؟ ئایا منداڵەکەم ئەرکەکانی ماڵەوە لەسەر تینووسێکی تایبەت یاداشت دەکات یان پشت بەخۆی دەبەستێت؟ ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕەنگە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە بیر بکات






## 5 ئارامی پۆل

ئایا پۆلەکە ئارامە یان نا؟ دەشێ ئارامی پۆل بەهۆی فێرخواز یان هۆکاری دەرەکییەوە بێت وەک: دەنگی ئامێرەکان یان بڕینەوەی گژوگیای باخچەکە. ئەگەر منداڵەکەت بەردەوام لە وانەیەکی دیاریکراوی گرفتی تێگەیشتنی هەبوو، ئەگەری هەیە پۆلەکەی نائارام بێت و باش گوێبیستی مامۆستا نەبێت. ئەگەر ئەم دیاردەیە ڕوویدا، دەشێت داوا لە مامۆستا بکەیت شوێنی فێرخوازەکەت بگۆڕێت یان فێرخوازان فێری ڕێساکانی ئارامی پۆل بکات.



## 6 بەژداریکردنی فێرخواز

ئایا منداڵەکەت گلەیی ئەوە دەکات کە مامۆستا هەمیشە بەژداریی پێدەکات یان هەست دەکات پشتگوێخراوە یان فەرامۆشکراوە؟ لەوانەیە جێگەی دانیشتنی منداڵەکە لە هێڵی دیدی مامۆستا بەدەر بێت. یان لەوانەیە بەردەوام دەستی بەرز بێت هەرجارێک مامۆستا پرسیار بکات. هەر کام لەم دۆخانە دەتوانرێت بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ مامۆستا/ فێرگە/ یان فێرخواز چارە بکرێت.



# کەی سەردانی فێرگە بکەم؟

ERahenan